تەم باراک: دەبێت کورد و هەموو پێکهاتەکان لە سوریا بە رێز و شکۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت



نەردەی دەناەد ترەمپ وتەیەکی سەرکی ئەمریکا دوپاتدەکاتەوە کە دەبێت کورد و هەموو پێکهاتەکان لە سوریا بە رێز و شکۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

تەم باراک، نەردەی تایبەتی ئەمریکا لە سوریا لەگەڵ ئەحمەد شەرع، سەرکی سوریا کەبووەوە و رایگەیاند "کەبوونەوەکە بە تاوتوەکردنی دوایین پێشهاتەکانی حەلەب و نەخشەگەی داهاتووە".

نەردەی تایبەتی ئەمریکا پەیامەکەی ترەمپی گەیاندووە و دەڵێت "سەرک ترەمپ ئەم ساتەوەختە وەک دەرفەتێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت بە نیشتمانێکی یەکگرتوو کە تێیدا هەموو پێکهاتەکان، لەوانە عەرەب، کورد، درووز، کریستیان، عەلەوی، تورکمان، ئاشووری و پێکهاتەکانی دیکە، بە رێز و شکۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و مافی بەشداریی راستەقینەیان لە حوکمانیدا هەبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، ترەمپ رێزامەندی لەسەر هەڵگرتنی سزاکان دەربیوە بەمەبەستی "دانی دەرفەتێک بە سوریا" بە ئەوەی بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت.

تەم باراک نیگەرانیی قوڵی ئەمریکای بەرامبەر پەشهاتەکانی ئەم دواییەی حەلەب دەربڕی و وتی "ئەو پەشهاتانە وا دەردەکەوێت گەنگەشەی مەرجەکانی ڕەکەکوتنامەی ئاداری 2025 بکەن، کە جەگەی نیگەرانییە، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەین دان بەخۆداگرتنی تەواو بنوێنن و دەستبەجێ کۆتایی بە دوژمنایەتییەکان بهێنن".

نەردەی تایبەتی ئەمریکا ئامادەیی تیمی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی پیشاندا بە ئاسانکاریی گفتوگۆی بنیاتنەر لە نێوان حکومەتی سوریا و هەسەد، بە ئامانجی پەشخستنی پرسێکی یەکگرتنی گشتگیر کە تێیدا "تاکە سوپایەکی نیشتمانیی شەرعی" هەبێت و مافەکانی کورد بپارێزرێت.

هەروەها باراک ئاماژەی بە ڕێی هەسەد لە تەکشکاندنی داعش کرد و ڕایگەیاند، "قوربانییەکانیان ڕێی سەرکەییان هەبووە لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی بەردەوام دژی تیرۆر".

هەروەها لەبەرامبەردا حکومەتی سوریاش لەو کەبوونەوەیەدا پابەندیی خۆی بە ڕەکەکوتنامەی یەکگرتنی ئاداری 2025 لەگەڵ هەسەد دووپاتکردووەتەوە.